# بەهادین عەبدوڵڵا

## بەرنامەی هەمەڕەنگ وەك جەستەی مرۆڤێك تووشی نەخۆشی بووە

**هونەرمەند (بەهادین عەبدوڵڵا ئیبراهیم) لەبەرنامەی هەمەڕەنگدا ئەکتەر بووەو بەم دواییانەش بەشداری زنجیرە درامای (گەردەلول)ی کرد، لەدیدارێکی کورتدا دواندمان و ئەم پرسیارانەمان ئاراستە کرد.**

**پرسیار: ڕات چییە لەسەر بەرنامەی هەمەڕەنگ؟**

وەڵام/ بەرنامەی هەمەڕەنگ لەدوای بەرنامەی کەشکۆڵ لەدایك بوو، بەڵام بەحەوت مانگی واتە کەمو کوڕی لەناو بەرنامەکەدا بەدی دەکرا، دەشتوانم بڵێم ئیشی باشی تێداکراو کەمێك بەپێچەکەی بەرنامەی کەشکۆڵدا ڕۆیشت، ئەرشیفێکی گونجاوی بۆخۆی پاشەکەوت کرد.

**پرسیار: بۆ ئەو بەرنامەیە نەما؟.**

وەڵام/ من ناتوانم بڵێم بەرنامەی هەمەڕەنگ نەما، بەڵکو دەتوانم بڵێم وەك جەستەی مرۆڤێك تووشی نەخۆشی بووەو چاك بوونەوەی دەوێتو پێویستی بەچارەسەر کردن هەیە، چونکە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لەجۆری هەمەڕەنگ سەربەخۆیی دەوێتو لەهەمان کاتدا پاڵپشتیشی دەوێت، وە دەبێت بەخواستی جەماوەر کار بکات نەك بەخواستی تەلەفزیۆنەکە واتە زۆر جار کێشەکە لای خۆمانەوە سەریهەڵداوەو زۆرجاریش لەلایەن کاربەدەستانی (PUK.TV) یەوە بووە.

**پرسیار: تا چەند ڕۆڵی ئەفسەرێکی گەندەڵت بەرجەستەکرد لەزنجیرە درامای گەردەلول؟.**

وەڵام/ دیارە زنجیرە درامای گەردەلول کارێکی چڕوپڕبوو کە برای ئازیزمان کاك (جەلیل زەنگەنە) دەرهێنەری بوو، منیش لەڕۆڵی ئەفسەرێکی گەندەڵ بەشداریم تێداکردو زەمانی ڕژێم گەندەڵی لەبەرتیل، پارە خواردن، خەڵك بەگرت دانو جاسوسی بۆ ڕژێم بوو. جا دەتوانم بڵێم کەم تا زۆر من وەك ئەفسەرێکی کورد لەخزمەتی ڕژێم دابمو دژی شۆڕشو گەل بم، خۆی لەخۆیدا گەندەڵییە، بەڵام بەزۆر زانانە کارم بۆ دەکردو بۆ ئەمەش حەوتاڵم وەك مەقاشێك بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی دەستی خۆم نەسووتێ.



**پرسیار: لەبەشی دووەمی زنجرە درامای گەردەلول بەشدار دەبیت؟**

وەڵام/ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانم بڵێم ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ برای بەڕێزم کاك جەلیل زەنگەنە، چونکە خۆی کاری بۆ دەکات وەك دەرهێنەر جا ئەگەر ڕۆڵی ئەو ئەفسەرە مابێ حەقی خۆمە بەشداربم، ئەم جۆرە پرسیارانەش گرەوی لەسەر ناکرێ.

**ئا/ ڕێبوار مەحمود**
**فۆتۆ/ ڕێبوار**

## تارمایی شەڕ لەژێر چاپ دایە

ڕۆژی گەل زانیبووی کە ڕۆمانێکی (ڕێکار ئەحمەد) لەژێر چاپ دایە، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو ڕۆمانە پرسیاری لەنووسەر کرد، ئەویش لەوەڵامدا گوتی: ڕۆمانەکە ناوی( تارمایی شەڕ یان خەمەکانی هایم) ەولە١٢ بەش پێکهاتووە، ئێستا تایپ دەکرێ، لەوانەیە لە مانگەکانی داهاتوودا بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانەوە. ئەوەی شیاوی باسە ساڵی رابردوو، ڕۆمانی (نۆژەن) ی نووسەر چاپو بڵاوکرابۆوە، بەم شێوەیە تارمایی شەڕ دەبێتە دووەمین ڕۆمانی چاپکراوی نووسەر.

# شەکیلا، دەنگێك لەلووتکەدا



شەکیلا بچووکترین منداڵی خێزانەکەیانە، ١٩٦٢/٥/٣ لەتاران لەدایك بووە، لەمنداڵیەوە حەزی لەمۆزیك بووە. تەمەنی تەنیا ٩ ساڵان بوو کە پارچەیەك مۆزیکی لەتەلەفزیۆن پێشکەش کرد، بەمەش سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. هەر ئەوکاتە بۆ گۆرانی گوتن بانگهێشت کرا، کەچی بنەماڵەکەیان ڕێگەیان پێنەدا. لە ١٥ ساڵی بە مەبەستی درێژەدان بە مۆزیك چووە لای مۆزیکزانی ناودار، مەحمود کەریمی. لە ١٨ ساڵی بۆ خوێندنی مۆزیکی کلاسیك بەرەو ئەمریکا ڕۆیشت، ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی مۆزیکی وەرگرت. شەکیلا ١١ کۆمەڵە مۆزیکی پێشکەش کردووە، وێڕای مۆزیك و گۆرانی گوتن توانیویەتی هەردوو کوڕەکەی (شەهرادو بەهراد) گەورە بکات. ئەمڕۆ شەکیلا یەکێکە لە ناودارانی مۆزیکی ئێرانی. بە فارسیو کوردی گۆرانیەکانی دەچڕیو زیاتر لە ٨٠ گۆرانی تۆمارکراوی هەیە.

# نیوەی مانگ بەرێوەیە



بەگوێرەی هەواڵەکان فیلمێکی دەرهێنەری ناسراوی کورد، بەهمەنی قوبادی، بەناوی نیوەی مانگ، بەرەو تەواوبوون دەچێت، بڕیاروایە ئەم فیلمە لەپەنجاو نۆیەمین فێستیڤاڵی کاندا کە لەنێوان ڕۆژانی ١٧–٢٠٠٦/٥/٢٨دا بەرێوەدەچێت، بەشداری بکات. نیوەی مانگ لەشاری سنە وێنەی گیراوەو باس لەکۆمەڵێك هونەرمەند دەکات کە لەپێناو وڵاتێکی ئازاددا زەحمەتو ماندووبوون دەکێشن. ئەوەی شیاوی باسە ئەم فیلمە بەکۆمەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئێرانو نەمساو فەرەنسا وەبەرهەم هاتووە، هونەرمەندی ناسراوی ئێرانی، هەدیە تارانی وەك جێگری دەرهێنەرو هایدە سفیار وەك بەرێوەبەر و بەهمەن ئەردەلانی وەك دەنگساز بەشدارییان تێدا کردووە.

# ڕۆنی تریێ گوشاری خوێن کەم دەکاتەوە



لێکۆلەرەوانی زانستگەی کالیفۆرنیا دوای چەندین لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تریێو ناوکەکەی ڕایانگەیاند: ڕۆنی دەنکە تریێ دەتوانێ گوشاری خوێن کەم بکاتەوە. لێکۆلەرەوان دوای ئەزموونیان لەسەر ٢٤ نەخۆش کە گرفتی گوشاری خوێنیان هەبوو، دووچاری نەخۆشی دڵ ببوون، لەجیاتی دەرمان ڕۆنی دەنکە ترێیان پێدابوون، لەئاکامدا بۆیان دەرکەوتبوو کە گوشاری خوێنیان کەم بۆتەوەو هاوسەنگیان بۆ گەڕاوەتەوە. هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە خواردنی ڕۆنی دەنکە تریێ دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی گلستلۆری خوێنو چارەی ئەو نەخۆشانە دەکات کە دووچاری هاتوون.

# حاڵۆ ئەواکس دەڵێ



* بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر بڕیارێکی سەیری داوە، ئەوەك بردنی مۆبایلی بۆ ژوورەوە قەدەغە کردووە، بەڵکو مۆبایلیش لەو کەسانە وەرناگرن کە سەردانیان دەکەن، ئەگەر یەکێ بپرسیت ئەی مۆبایلەکەم چی لێ بکەم، زۆر بەڕەقییەوە پێی دەڵێن: کەیفی خۆتە دەتوانی فڕێی بدەی!. خۆ ئەگەر پێ لەسەر پرسیارەکەی دابگرێ، وەکو سەردەمی کۆن ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن، پەنجەی لێ هەڵدەشەقێننو لێی کۆ دەبنەوەو دەیانەوێ قۆڵبەستی بکەن.

*سەرکردەکان بە بەرچاوی کامێراوە سەد بارەی دەکەنەوە کە پاڵپشتی حزبی بۆ دامەزراندن لە دامودەزگاکاندا نەماوە، بەڵام من کچی کابرایێکی مەسیحی دەناسم چەندین جار ویستی وەك فەرمانبەر لەفڕگەی هەولێر دایبمەزرێنن، بەڵام وەریان نەگرتو ڕەتیان کردەوە. پێیان گوتبوو مادام تەزکیەی حزبیت نیەو مەسیحیشی هەر وەرت ناگرین!.

* ئەندامی لایەنێك هەندێ گللەیی و گازاندەی هەبوو، داخوازییەکانی جێبەجێ نەکرابوون، لەماڵی خۆی دانیشتبوو، سەردانی بارەگای حزبی نەدەکرد، لایەنەکەی دیکە ئەمەیان قۆزتبۆوە، وەفدێکیان ناردبووە لایو پێیانگوتبوو: تۆ مرۆڤێکی کوردپەروەرو ناسراوو لێهاتووی داوات لێدەکەین کە پەیوەندی بە ئێمەوە بکەیت، هەر لەئێستاوە ئەمە ١٠ دەفتەر دۆلار، فلانە کەسیش ئۆتۆمۆبیلێکی کۆمپانیای جیهانی کردۆتە دیاری، خۆت بڕۆ یەکێکی تازە مۆدیل بەدڵی خۆت هەڵبژێرە!.

* حزبێك خۆی هەڵوشاندۆتەوەو چۆتە ناو لایەنێکی دیکە، هەندێك لەئەندامانی حزبە هەڵوەشاوەکە بەیانیان لەبارەگای لایەنە تازەکە دەوام دەکەنو ئێوارانیش دەچنە بارەگای حزبی کۆنو دەردە دڵ دەکەن. ئەوەی نەشارەزابێت وا دەزانێ ئەو حزبە هەرماوە!!.

*کابرایێکی کۆنە جاشی ناسراو لەگەڵ چەند کەسێکی وەك خۆی بە نوێنەرایەتی لایەنێك دەچێتە گوندێكو دەیەوێ قسە بۆ خەڵکی گوندەکە بکات، خەڵکی گوندەکە کاتی خۆی زۆر ئازاریان بەدەست ئەو کەسەوە چەشتووەو زۆریان ڕق لێدەبێتەوە. بۆ گاڵتە پێکردنی ناوبراو بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لێدەکەنو دەپرسن ئەی بۆ فلانە مستەشارو فلانە ڕەفیق حزبیو فیسارە مەفرەزە خاسەتان لەگەڵدا نیە.

* خوێندکارانی بەشی کارەبای زانکۆی سەلاحەدین بۆ گەشتێکی زانستی دەیانویست سەردانی کۆڕەك تەلەکۆم بکەن، دوای چەندین جار داخوازی، داواکەیان ڕەت دەکرێتەوەو ڕێگەیان پێنادرێت بچنو سەیری کۆمپانیاو ئامێرەکان بکەن، بۆیە داوا لە ئاسیا سێڵ دەکەن، ئەوانیش بە سنگ فراوانیەوە پێشوازییان لێدەکەن. خوێندکاران چوون بۆ سلێمانیو گەشتە زانستییەکەی خۆیان کرد.

* بەمەبەستی گواستنەوەی کەل و پەلی بارەگای حزبێکی ڕۆیشتوو، مەفرەزەیەك دەچێ کەلوپەلەکان بگوازێتەوە، لەبەر نزیکیو لەیەکچوونی ناو، مەفرەزەکە دەچێتە سەر بارەگای حزبێکی دیکەو داوایان لێدەکات چۆڵی بکەن، چونکە ئەوان کەلوپەلەکان دەگوازنەوە، دوای بینەوبەردەیەکی زۆر و ئاگادارکردنەوەی دەزگای سەروو ئەوسا وازیان لێدێنن.



# ئاپۆرێنی

جەبار سابیر

## ئەرێ ئێمە ئەنفالکراین؟

جوولەکە نەدەبونە خاوەن دەوڵەتی ئیسرائیلو زاڵم بەسەر عەرەبەوە گەر هیتلەری دیکتاتۆرو خوێن ڕێژ لەهۆلۆکۆستو ئاشێوتزدا پێنج ملیۆنی لێ نەسوتاندنایەو جینۆسایدی نەکردنایە، بەڵام ئەوانی جوو هاتنو ئەو کارەساتەیان کردە خاڵی وەرچەرخانو هەستانەوە لەدیرۆکی خۆیانداو لەوێوە کاریان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆکردو وەك دەشبینین ئێستا ئەو دەوڵەتە لەخەم ڕەخسیوەو زۆر بەهێزەو وڵاتانی عەرەبو ناوچەکەو جیهانیش حسابی تایبەتی بۆدەکەن. هەموو ئەوەش بۆ کارەساتی هۆلۆکۆستو ئاشێوتز دەگەڕێتەوە. ئێمەیش هەمان شێوەی جوولەکە بەدرێژایی مێژوومان هەوڵی هەستانەوەو دامەزراندنی قەوارەیەکمان داوەو زروفە مێژووییەکە یارمەتیدەرمان نەبووە، بەو قۆناغەی گەلی جووشدا تێپەڕیتینو وەك ئەوان نەمانتوانی سوودی لێوەرگرین.

بەکورتی دەکرێ بڵێین دوای هەژدە ساڵ لەئەنفالکردنمان چیمان لەو کارەساتە دەست کەوتووەو تاچەندێك توانیومانە بەسوودی خۆمان بەکاری بێنین، چونکە جووەکان دوای سێ تاچوار ساڵێك لەجینۆسایدکردنیان سوودیان وەرگرتو دەوڵەتیان دامەزراند، بەڵام ئێمەی کورد سێ ساڵ دوای کارەساتەکە بوینە خاوەنی دووحکومەتو پەرلەمانو زۆرترین دۆستو پشتیوان لەسەر ئاستی دنیا کەچی وەك دەبینین کارەساتەکانمان لەبیری خۆمان بردۆتەوە. ئەمساڵ بەهۆی ڕووداوەکەی هەڵەبجەوە یادی ئەو کارەساتەی ناو دیرۆکی ئێمە زۆر بەخامۆشیو دوور لەهەر جۆرە گوزراشتو ناڕەزاییەك تێپەڕیو کەسیش پرکێشی ئەوەی نەکرد بڵێت ئەرێ بەڕاست ئێمە ئەنفالکراین.؟ ئەی کەئەنفالکراین بۆچی یادێکمان لەو ئەنفالکردنە نەکردەوە.؟

وابڕیارە دانیشتنی داهاتووی سەدام لەسەر مەسەلەی ئەنفالو جینۆسایدکردنی کورد بێت، کەلەدوای دوجێلەوە گەورەترین کارەساتێکی مرۆییە کەراستەوخۆ سەدامی دیکتاتۆرو یاریدەدەرەکانی ئەنجامیانداوە. ئەم دادگاییکردنە یەکشتمان لادروستدەکات ئەویش ئەوەیە تۆبڵێی بۆچی کورد خۆی بێدەنگ بێت لەو کارەساتەو لەبەغدادیش لەسەر ئەو کارەساتە ئەنجامدەرانی دادگاییدەکرێن.؟ ئەوەی کە یادی ئەنفال نەکرایەوە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەسەرکردایەتی کورد باش لەوە تێگەیشتوون کە چیتر خەڵك ڕازی نییە بەشیعرو پەخشانو وتاری بێسەروبەر یادەکانی بکرێنەوە، چونکە خەڵك ئیتر ژیانی دەوێت نەك شیعرۆکەو پەخشانی بێ مانا، خەڵك نانی دەوێت نەك ڕیز بەستنی سەرکردەکان بۆ خوێندنەوەی وتارۆکە، خەڵك گوزەرانی دەوێت نەك مۆنۆمێنتو پۆستو پلەوپایە لەبەغدادی نقومبوو لەخوێندا.

یاد نەکردنەوەی ئەنفال مانای شەرمەزاری سەرکردایەتی کورد لەئاست کەسو کاری ئەنفالەکانو تەواوی خەڵکی کوردیشدا، شەرمەزاری لەوەی کە دوای پازدە ساڵ دەسەڵاتو حکومەتی کوردی هیچ خزمەتێك بەم خەڵکە ماندووە نەکراوە، شەرمەزاری لەوەی کە هەرچی سەروەتو سامانی سەرکردەکانە بەسەری ئەنفالو هەڵەبجە دەستکەوتووەو ئێستا ڕوویان نییە بچنەوە بەردەمی خەڵك.

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com